NHS

# پاسپۆرتی چاودێر

# Carer Passport













وێندی Wendy ناتالی
Natalie و جەیک Jake

# ئایا چاودێری کەسێك دەکەیت؟

## پاسپۆرتی چاودێر بۆ ئەو خێزان و هاوڕێیانەی کە چاودێری کەسێك دەکەن

بۆ تەواوکردنی ڕێکەوتنی هاوبەشی پاسپۆرتی چاودێر بۆ ئەم مانەوەیە لە نەخۆشخانە، تکایە لەگەڵ هەر ئەندامێکی ستافی قاوشی نەخۆشخانە قسە بکە و بەڕێوەبەری قاوشەکە یان پەرستاری بەرپرس دێت و باس لە پێویستیە تاکە کەسییەکانت دەکات.

هەر سەردانێکی نەخۆشخانە پێویستی بە بەڵگەنامەیەکی نوێکراوە دەبێت کە ئیمزا بکرێت.

کاتێك ئەندامێکی خێزانەکەت یان هاوڕێیەکت نەخۆش دەکەوێت، پیردەبێت یان کەمئەندام دەبێت و پێویستی بە پشتگیری هەیە لەوانەیە تۆ یارمەتی و پشتگیریان پێشکەش بکەیت، بەبێ پارە.

ئەمە ڕەنگە یارمەتیدان بگرێتەوە سەبارەت بە بازاڕیکردن، پاککردنەوە، چێشت لێنان، جلشۆر، هاوکاریکردن
بۆ دەرمان، یارمەتیدان سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکان.

هەروەها لەوانەیە یارمەتیدەربێت لە جووڵەکردن، هەروەها پشتگیری سۆزداری، ڕێکخستن و پشکنینی چاودێری، بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان، پشتگیری دارایی و شۆردن/ خۆشۆردن یان یارمەتیدانیان بۆ پەیوەندیکردن.

**ئەگەر تۆ یارمەتی کەسێك دەدەیت چونکە نەخۆشە یان کەمئەندامە، ئەوا تۆ چاودێریت.**

### پێشەکی

لەدەزگاکەدا ئێمە ئەو کارانە بە گرنگ دادەنێین کە چاودێران ئەنجامی دەدەن و پابەندین بە کارکردن پێکەوە لەگەڵیان وەك هاوبەشی پسپۆڕ لەچاودێری. ئێمە دەمانەوێت کەلتوورێك بەرەو پێش ببەین کە دان بنێت بەچاودێران و پێویستیەکانیان لەناو نەخۆشخانەکەمان.

کاتێك ئەو کەسەی کە وابەستەی ئەو چاودێریەیە کە تۆ پێشکەشی دەکەیت لە نەخۆشخانە داخڵ دەکرێت، ئەمە شتێکی حەتمییە کە ڕەنگە نیگەران بیت.

هیچ چاوەڕوانییەك نیە کە تۆ بەردەوام بیت لە پێشکەشکردنی چاودێری و کارمەندانی نەخۆشخانە لێرەن بۆ چاودێریکردنیان.

بەڵام تۆ ڕەنگە بتەوێت کە لێرە بیت بە پلەی چاودێر و شانبەشانی ستافی نەخۆشخانە کاربکەیت بۆ پێشکەشکردنی چاودێری.

ئەگەر تۆ لەگەڵ نەخۆشێك دەمێنیتەوە بۆ ئەوەی پشتگیری چاودێری پێشکەش بکەیت لەکاتێکدا لە نەخۆشخانەیە ئێمە ئامادەکاریت بۆ دەکەین بۆ ئەوەی پاسپۆرتی چاودێرانت هەبێت.

ئەمەش پشتگیری زیاترت پێ دەبەخشێت بۆ چاودێریکردنی خزم، هاوبەشی ژیان، هاوڕێکەت و ڕێگەت پێ دەدات دەستت بگات بە چەندین ئیمتیازاتی جۆراوجۆر.

زانیاری پەیوەندیکردن بۆ سەنتەری چاودێرانی
لیڤەرپوول و سێفتۆنSefton و نۆسلی Knowsley
لە پشتی ئەم نامیلکەیەدا باس کراوە.

ئەگەر لە دەرەوەی ناوچەکە دەژیت بڕۆ بۆ
**www.carers.org** بۆ دۆزینەوەی
سەنتەری چاودێران لە نزیك خۆت.

سەنتەری چاودێرانی ناوچەکەی خۆت دەتوانێت
یارمەتیت بدات بۆگەشت کردن بەو
خزمەتگوزارییانەی کە لەناوچەکەتدا بەردەستن.

هەروەها سەنتەرەکانی چاودێران دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ دستگەیشتن بە هەڵسەنگاندنی چاودێران.

وردەکارییەکانی هەڵسەنگاندنی چاودێران هاوبەش ناکرێت و کاریگەری لەسەر وەرگرتنی بەنەفێتەکان نیە. پێویست ناکات هەڵسەنگاندنێك تەواوبکرێت بۆ بەکارهێنانی سەنتەرەکانی چاودێران.

## پشتگیری لە پزیشکی گشتی خۆتەوە

ڕۆڵی چاودێری هەندێك جار لەوانەیە کاریگەری لەسەر خۆشگوزەرانی جەستەیی و دەروونی خۆت هەبێت.

ناساندنی خۆت وەك چاودێرێك لە لای پزیشکی گشتیGP ی خۆت یارمەتی ستافی پزیشکی دەدات بۆ پشتگیریکردنت.

وەك چاودێرێك لەوانەیە کوتانی تایبەت یان پشکنینی تەندروستیت پێشکەش بکرێت.

## مەبەست لە پاسپۆرتی چاودێر چییە؟

پاسپۆرتی چاودێر دەتوانێت:

- یارمەتی و پشتگیری چاودێران دیاری بکات.
- خەڵك بۆ چاودێری هۆشیار بکاتەوە.
- ئۆفەرێکی ڕوونی پشتگیری پێشکەش بکات.
- پێشانی بدات کە چاودێران چەندە گرنگن لە ژیانی نەخۆشەکان.
- زانیاری پێشکەش بکات بە بەڕێوەبەران یان کارمەندانی پیشەیی سەرەکی.
- یارمەتی بدات لە گفتوگۆ و پشتگیری ناوخۆیی.

## پشتگیری چاودێران بکات

چاودێریکردنی کەسێك ڕەنگە پاداشتێکی زۆری هەبێت بەڵام سەختیش بێت، گرنگە تۆ وەك چاودێرێك پشتگیرییەکی گونجاو وەربگریت. سەنتەری چاودێران کۆمەڵێك خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بۆ پشتگیریکردنت لە ڕۆڵی چاودێریکردنت.

ئەمانە بریتین لە:

- زانیاری و ئامۆژگاری.
- ئامۆژگاری سەبارەت بە بەنەفێتەکان
- پشتگیری بۆ دستگەیشتن بە خوێندن و دامەزراندن لەسەر کار.
- چارەسەرە گشتگیرەکان.
- کارتی فریاگوزاری چاودێر.
- ڕاوێژکاری.
- گرووپە کۆمەڵایەتییەکان.

## هەڵسەنگاندنی چاودێر چییە؟

هەڵسەنگاندنی چاودێر دەرفەتێکە بۆ ئەوەی وەك چاودێرێك بتناسێت پێبدات و بزانیت کە ڕەنگە پێویستیت بە چ پشتگیرییەك یان خزمەتگوزارییەك بێت. کەسێك لە کاونسڵی ناوچەکەی خۆت یان ڕێکخراوێك کە کاونسڵەکە لەگەڵیدا کاردەکات وەك سەنتەری چاودێرانی ناوخۆیی تۆ هەڵسەنگاندنەکە تەواو دەکات.

هەڵسەنگاندنەکە سەیری ئەوە دەکات کە چۆن ڕۆڵی چاودێریکردنت کاریگەری لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی، کارکردن، کاتەبەتاڵەکان و پەیوەندییەکانت هەیە.

هەڵسەنگاندنەکە بە زۆری ڕووبەڕوو ئەنجام دەدرێت بەڵام هەندێك جار لە ڕێگەی تەلەفۆن یان بە ڕێگای ئۆنلاین تەواو دەکرێت.

یەکێك لە دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی چاودێران لەوانەیە ڕێگەیەك بێت بۆ دەستگەیشتن بە پشوویەك لە ڕۆڵی چاودێریکردنت.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە سەنتەری چاودێرانی ناوچەکەی خۆتەوە بکە یان سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە https://carers.org.



## کەمپەینی جۆن John'sCampaign

دەزگاکە پابەندە بە کەمپەینی جۆن بۆ چاودێرانی ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە بوون.

بۆ مافی ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە بوون کە لە لایەن چاودێرەکانیانەوە لە نەخۆشخانە پشتگیری بکرێن و ئەگەری مانەوەی چاودێران لە شەودا ئەگەر ئەمە ئەو کارە بێت کە چاودێرەکە حەزدەکات بیکات، تێبینی ئەوەی کە ئەمە ئەرك نیە بەڵکو ئارەزوومەندانەیە.

## لە کاتێکدا تۆ پشتگیری چاودێر لە دەزگاکە پێشکەش دەکەیت

ئێمە پرسیارت لێدەکەین کە تۆ وەك چاودێرێك پێویستیت بە چ پشتگیرییەك دەبێت و هەوڵ دەدەین پشتگیریت بکەین یان یارمەتیت بدەین بۆ دۆزینەوەی پشتگیری پەیوەندیدار.

ئەمەش لەوانەیە بریتی بێت لە:

- دڵنیابوون لە پلاندانان بۆ دەرچوونی نەخۆشەکە لە نەخۆشخانە پێویستی و تواناکانت لەبەرچاودەگرێت.
- دەرفەتی ڕاهێنان و خوێندن بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات بۆ ئامادەکاری بۆ دەرچوون لە نەخۆشخانە و متمانە بەخۆبوونت لە ئەرکە چاودێرییە نوێیەکان یان ئاڵۆزەکان.
- پێداچوونەوە بە ئەگەری مانەوەی شەوانە ئەگەر داوات لێکرا.

ئێمە دەتوانین پێشکەش بکەین:

- خواردنەوە گەرمەکانی ئاسایی لە قاوشی نەخۆشخانە.
- کاتەکانی سەردانکردنی گونجاو.
- ڕەنگە ئیمتیازاتی پارکی وەستانی ئۆتۆمبێل بەردەست بێت (تکایە لەگەڵ بەڕێوەبەری قاوشەکە / پەرستاری بەرپرس قسە بکە).

## بەڵێنی چاودێری ئێمە

### چاودێران وەك هاوبەش دادەنرێن

ئێمە دڵنیا دەبینەوە لەوەی کە ئەو ڕۆڵەی تۆ وەك چاودێرێك دەیگێڕیت لەلایەن هەموو ستافەوە بەهایەکی زۆری هەیە و دڵنیا دەبینەوە لەوەی کە ئێمە ڕێز لە چاودێران دەگرین، گوێ لە چاودێران دەگرین و تێدەگەین لەو کارانەی دەیکەن. ئێمە بە زووترین کات چاودێران دیاری دەکەین.

### پشتگیری بۆ چاودێران

ئێمە وەك چاودێرێك لە مافی هەڵسەنگاندنت ئاگادار دەکەینەوە بەپێی یاسای چاودێری ساڵی 2014 و یاسای منداڵان و خێزانەکانی ساڵی 2014، زانیاری سەبارەت بە مەودای خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری و ئامۆژگاری کە لەبەردەستتدان دەدەین.
ئێمە گرنگی دابینکردنی پێویستیەکانتان قبوڵ دەکەین و پشتگیریتان دەکەین بۆ ئەوەی پشوو وەربگرن ئەگەر پێویستتان پێییە لە قاوشی نەخۆشخانەکە.

### چاودێرە گەنجەکان

ئێمە دڵنیا دەبینەوە لەوەی کە چاودێرە گەنجەکان بەشداری پێبکەین و کاردەکەین بۆ پشتگیریکردنتان و دان نان بەو ڕۆڵە بە نرخەی کە دەیگێڕن لە تەندروستی نەخۆشەکانمان.

### هاوبەشکردنی زانیاری

بە وەرگرتنی ڕەزامەندی پەیوەندیدار، ئێمە زانیاری دەدەین کە لە کاتی خۆیدا و گونجاو و دەستگەیشتن بێت. ئێمە ئێوە بەشداری پێ دەکەین لە بڕیاردان لە هەمان کاتدا ڕێز لە پێویستی نهێنی دەگرین.

### قسەی خۆت هەبێت

ئێمە دڵنیا دەبینەوە لەوەی کە چاودێران بەشداربن لە پلاندانان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانمان، گوێیان لێدەگیرێت و بەشداردەبن.

### دەرکردن لە نەخۆشخانە

ئێمە بەشێوەیەکی گونجاو پلانی دەرکردن لە نەخۆشخانە دادەنێین و زانیاری سەبارەت بە چاودێری و دەرمانەکان دەدەین.

دوای دەرچوونی نەخۆش لە نەخۆشخانە دەنێردرێت.

خزم یان چاودێران هان دەدرێن کە یارمەتی نەخۆشەکان بدەن ئەگەر نەتوانن خۆیان ئەم کارە تەواوبکەن.

## یارمەتیمان بدەن بۆ گرنگیدان

بۆ ئەوەی ئێمە باشترین چاودێری پێشکەش بە هەموو نەخۆشەکانمان بکەین، داوا دەکەین کە ئێوە:

- پابەند بن بە ڕێنماییەکانی ئێمە سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی هەوکردن و تووشبوون بە نەخۆشی، لە کاتی هاتنە ژوورەوە و دەرچوون لە نەخۆشخانە: دەست شۆردنی بەردەوام، بە بەکارهێنانی پاککەرەوەی دەست و لەبەرکردنی ئامێری پاراستنی کەسیی گونجاو (PPE) بۆ کەمکردنەوەی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی. ستافی قاوشەک مائامۆژگاری و ڕێنمایی پێشکەش دەکەن.
- لەکاتی سەردانەکاندا مەی مەخۆرەوە و جگەرە مەکێشە لەناو بینای نەخۆشخانەکە.
- لەبەرهۆکاری ئەمنی تکایە سەردانکەران مەهێنە ناو قاوشەکە بێ ئەوەی داوا لەتیمی قاوشی نەخۆشخانە بکەیت.

## چۆن بتوانم کۆمێنت بدەم، نیگەرانی باس بکەم یان سکاڵا بکەم؟

باسی ئەزموونەکەتمان بۆ بکە، هەرچەندە گەورە بێت یان بچووك، ئێمە سەرنج و تێبینیەکانت بە گرنگ دادەنێین.

وەك چاودێرێك دەتوانیت کۆمێنتەکانت، نیگەرانییەکانت یان سکاڵاکانت بە کۆمەڵێك ڕێگەی جیاواز پێشکەش بکەیت:

### بەشەخسی

- سەرنج و تێبینیەکانت و ئەگەر نیگەرانییەکت هەبوو، پێشکەش بە ئەندامانی ستافەکە بکە لە قاوشەکە یان بەشەکە ئەوان هەوڵدەدەن و کێشەکەچارەسەربکەن.
- ئەگەر دەتەوێت پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەیت بەشێوەیەکی نافەرمی کە بەشدار نیە لەو چاودێرییەی کە وەری دەگریت ئەوا دەتوانیت قسە لەگەڵ تیمی ئامۆژگاری و پەیوەندی نەخۆش (PALS) بکەیت.

### لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە

بە تەلەفۆنکردن بۆ بەڕێوەبەری قاوشەکە یان بەشەکە یان تیمی ئەزموونی نەخۆش بەم شێوەیە:

**01516785111 - ڕاستەوخۆ 2709**

ناونیشانی ئیمەیل:

**wuth.patientexperience@nhs.net**

ئێمە سەرنج و تێبینیەکانت بەرز دەنرخێنین و هانت دەدەین. ئێمە دەزانین تا ئەزموونەکانت لەگەڵ ئێمە باس نەکەیت ناتوانین پێشبکەوین.

لەکاتی دەرچوون لە نەخۆشخانە نەخۆشەکانمان دەتوانن سەرنج و تێبینی پێشکەش بکەن بە تەواوکردنی تاقیکردنەوەی هاوڕێیان و خێزان Friends and Family Test – کورتە نامەیەك یان پەیوەندی دەنگی ئۆتۆماتیکی


دیبرا Debra و
ئەندرۆ
Andrew

# ڕێککەوتنامەی هاوبەشیی چاودێر

***ئەم ڕێککەوتنامەیە تەنها بۆ ئەمجارەی نەخۆشخانە کارا دەبێت.**

- ئەم ڕێککەوتنامەیە بۆ ماوەی مانەوەی نەخۆشەکە دەبێت و بەپێی ئەو چاودێری/ پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت. لەوانەیە حاڵەتی وا هەبێت کە ڕێککەوتنامەی چاودێران ڕێکدەخرێت یان ڕادەگیرێت و ئەمە لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان باس دەکرێت.
- تکایە تێبگە کە ئەم ڕێککەوتنامە ڕەنگە لەژێر ڕۆشنایی هەر ڕێنماییەکی خزمەتگوزاری NHS یان سیاسەتی نیشتمانی هەڵبوەشێتەوە
- ئایا ڕێککەوتنامەی بریکاری بەردەوام Power of Attorney (LPA) بۆ **تەندروستی** جێبەجێ دەکرێت و ئایا بینراوە؟ بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**ئیمزاکرا (چاودێر)**

**ڕێگەپێدراولەلایەن**

بەڕێوەبەریقاوشینەخۆشخانە
پەرستاریبەرپرس

**قاوش**

**بەروار**

**کاتێک تەواوبوو پێویستە کۆپییەکی ڕێککەوتنامەکە لەگەڵ کارتی چاودێران بدرێت بە چاودێر/چاودێران.**

**پێویستە کۆپییەکی ڕێککەوتنامەکە لە دەزگاکەدا هەڵبگیرێت.**

**وەك خزم و/یان چاودێری:**

چاودێری سەرەتایی (ناو)

*(بەپێی پێویست بسڕەوە)*

- ☐ دەتوانێت لە دەرەوەی کاتی ئاسایی سەرادانکردن سەردان بکات.
- ☐ دەتوانێت هاوکاری بکات لە شۆردن و پۆشینی جل و بەرگ.
- ☐ دەتوانێت یارمەتی بدات لە خۆراك پێدان.
- ☐ دەتوانێت چالاکانە بەشداربێت لە گفتوگۆکانی کۆبوونەوەی تیم، و پلاندانان بۆ دەرچوون لە نەخۆشخانە کاتێك گونجاو بێت، سەبارەت بەو کەسەی کە چاودێری پێ دەدات.
- ☐ پشتگیری ئەو کەسە دەکات کە چاودێری دەکات کاتێك ڕێکارەکان / چارەسەرەکان لە نەخۆشخانەدا ئەنجام دەدات.
- ☐ دەتوانێت لە ڕۆژ و / یان شەودا لەگەڵ ئەو کەسەدا بمێنێتەوە کە چاودێری دەکات بەپێی پێویست.

*پێویستە هەر داواکارییەك یان پێویستیەکی زیادە لەگەڵ بەڕێوەبەری قاوشەکە یان پەرستاری بەرپرس گفتوگۆ بکات.*

- من ستافەکە ئاگادار دەکەمەوە کە من لە دەرەوەی کاتژمێرە ئاساییەکانی سەردانکردن دەچمە ناو قاوشەکە یان دەردەچم و دەزانم کە، لەهەندێك کاتدا، لەوانەیە داوام لێبکرێت کە قاوشەکە یان شوێنەکە بەجێبهێڵم ئەگەر پێویستیەکی کلینیکی هەبێت.
- منیش هاوڕام کە، ئەگەر من یارمەتیدەر بم لەخۆراك پێدان، شۆردن یان جوڵاندن ستافەکان لەوانەیە شانبەشانی من کاربکەن بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی کلینیکی خۆیان.

## سەرچاوەی زانیاری زیاتر

ئیمەیڵ: warrington.carers@wired.me.uk

### سەنتەری چاودێران و پشتگیریچاودێران

**دەزگای چاودێرانی چێشێر و وارینگتۆنCarersTrustCheshire andWarrington**
ماڵپەر: www.cheshireandwarringtoncarers.org تەلەفۆن: 03001020008
ئیمەیڵ: advice@cheshireandwarringtoncarers.org

**ناوەندی چاودێری چێشێر ئیست Cheshire East CarersHub**
تەلەفۆن: 03000300208
ئیمەیڵ: enquiries@cheshireeastcarershub.co.uk

**سەنتەری چاودێرانی هاڵتۆن HaltonCarersCentre**
ماڵپەر: https://haltoncarers.co.uk /https://www4.halton.gov.uk/Pages adultsocialcare/pdf/carerspack.pdf
تەلەفۆن: 01928580182
ئیمەیڵ: help@haltoncarers.co.uk

**دوورگەی مان IsleofMan**
ماڵپەر: www.carersuk.org/help-and-get-support/local-support/isle-of-advice/man- carers-centre

**سەنتەری چاودێرانی نۆسلی KnowsleyCarersCentre**
ماڵپەر: www.knowlseycarers.co.uk
تەلەفۆن: 01515491412

**سەنتەری چاودێرانی لیڤەرپوول LiverpoolCarersCentre**
چارەسەرە ناوخۆییەکان
تەلەفۆن:
01517090990

**سەنتەری چاودێرانی هاڵتۆن HaltonCarersCentre**
ماڵپەر: www.sefton-carers.org.uk
تەلەفۆن: 01512886060

**سەنتەری چاودێرانی سانت هێلێنس St HelensCarersCentre**
ماڵپەر: http://www.sthelenscarers.org.uk/contact www.sthelenscarers.org.uk/contact. html
تەلەفۆن: 01744675615

**سەنتەری چاودێرانی وارینگتۆن WarringtonCarersCentre (WIRED)**
تەلەفۆن: 01925633492

**پشتگیری چاودێرانی ویراڵ WirralCarers Support (WIRED)**
تەلەفۆن: 01516700777
کورتەنامە: وشەی CARERS بنێرە بۆ ژمارە 87007
ئیمەیڵ: cws@wired.me.uk

**سەنتەری چاودێرانی هاڵتۆن HaltonCarersCentre**
ماڵپەڕ:
https://haltoncarers.co.uk
تەلەفۆن: 01928580182
ئیمەیڵ: help@haltoncarers.co.uk

## چاودێرانی گەنج

**سەنتەری چاودێرانی هاڵتۆن HaltonCarersCentre**
تەلەفۆن: 01928580182

**خزمەتگوزاری چاودێرانی گەنجی نۆسلی Knowsley Young CarersService**
تەلەفۆن: 01514435059

**کرداری لیڤەرپووڵ بارناردۆ لەگەڵ چاودێرانی گەنج LiverpoolBarnardo'sActionwith Young Carers**
تەلەفۆن: 01512284455

**چاودێرانی گەنجی سانت هێلێنس St Helens Young Carers**
تەلەفۆن: 01744677279

**چاودێرانی گەنجی سێفتۆن Sefton YoungCarers**
تەلەفۆن: 01512886060

**خزمەتگوزاری چاودێری گەنجانی وارینگتۆن Warrington Young CarersService (WIRED)**
تەلەفۆن: 01925633492
ئیمەیڵ: wycadmin@wired.me.uk

## ڕێکخراوەکانی پشتگیری چاودێران Carers Support Organisations

**چاودێرانی ڕاستەوخۆ CarersDirect**
تەلەفۆن: 03001231053

**چاودێرانی بەریتانیا Carers UK**
ماڵپەڕ: http://www.carersuk.org/
تەلەفۆن: 08008087777

کۆمەڵەی نەخۆشی ئەلزەهایمەر Alzheimer’sSociety-
نۆسلیKnowsley
تەلەفۆن: 01514264433

کۆمەڵەینەخۆشیئەلزەهایمەرAlzheimer’sSociety-
سێفتۆنSefton
تەلەفۆن: 01704539967

کردارینەخۆشیپەرکەمEpilepsyAction
ماڵپەر:
تەلەفۆنwww.epilepsy.org.uk
: 08088005050

پشتگیریشێرپەنجەیماکمیلانMacmilla
nCancer Support
ماڵپەر:www.macmillan.org.uk
تەلەفۆن: 08008080000

گرووپیپشتگیریچاودێرانیماگیMaggie’sCarer Support
Group
ماڵپەر: https://www.maggies.org/our-/
maggies-merseysidecentres/

کۆمەڵەی MND Association
ماڵپەر:
تەلەفۆن:www.mndassociation.org
08088026262

کۆمەڵەینەخۆشیمەلتیپلسکلیرۆسزبەریتانیاMultipleSclerosisS
ociety UK
ماڵپەر:
تەلەفۆن:www.mssociety.org.uk/
08088008000

هێڵییارمەتینیشتمانیبۆنەخۆشیبیرچوونەوە
تەلەفۆن: 03002221122

Neuroalliance
ماڵپەر: www.neural.org.uk/
تەلەفۆن: 01923882590
ئیمەل: info@neural.org.uk

## خزمەتگوزاری پشتگیری پسپۆڕ Specialist Support Services

ئەگەر کێشەیەکی پزیشکی بەپەلەت هەیە و دڵنیانیت کە چی بکەیت 111NHS دەتوانێت یارمەتیت بدات.

**ڕێکخراوی Age UK**
هێڵی یارمەتی نیشتمانی و بۆ دۆزینەوەی لقی ناوچەکەی خۆت
تەلەفۆن: 08000556112

**ڕێکخراوی Age UK – لە چێشێر Cheshire**
تەلەفۆن: 01606881660
ئیمەیڵ: admin@ageukcheshire.org.uk

**ڕێکخراوی Age UK – لە چێشێر ئیست Cheshire East**
تەلەفۆن: 01625612958
ئیمەیڵ: enquiries@ageukce.org

**ڕێکخراوی Age UK – لە لیڤەرپووڵ و سێفتۆنLiverpool and Sefton**
تەلەفۆن: 01513305678

**ڕێکخراوی Age UK - لە میدمێرسی MidMersey (نۆسلیKnowsley لەخۆدەگرێت)**
تەلەفۆن: 03000031992

**پەرستارانی ئەدمیراڵ**
ماڵپەر: http://www.dementiauk.org/get-/support/admiral-nursing

**کۆمەڵەی نەخۆشی ئەلزەهایمەر Alzheimer’sSociety**
ماڵپەر: https://www.alzeimers.org.uk/

**کۆمەڵەی نەخۆشی ئەلزەهایمەر Alzheimer’sSociety – ڕۆژهەڵاتی چێشێر East Cheshire**
تەلەفۆن: 03003690570
ئیمەیڵ: cheshire@alzheimers.org.uk

**Knowsleyنۆسلی**
مالّپەر:
residewww.knowsley.gov.uk///:https
nts/care/support-for-carers
هێڵی تەلەفۆنی چاودێری: 01514432600

**لیڤەرپوول**
مالّپەر: -https://liverpool.gov.uk/adult-social
care/caring-for-someone/carers-support
هێڵی تەلەفۆنی چاودێری: 01512333800

**باکووری وێڵز North Wales**
مالّپەر: /www.newcis.org.uk//:https

**هێڵی تەلەفۆنی چاودێری سێفتۆن SeftonCareline**
تەلەفۆن: 01519285908

**چاودێری سۆشیاڵ و چاودێری تەندروستی سانت هێلینس St HelensSocialCare and Health**
تەلەفۆن: 01744676600

**چاودێری سۆشیالّی کەسانی گەورەی وارینگتۆن WarringtonAdultSocialCare**
مالّپەر: www.warrington.gov.uk/carers//:https
تەلەفۆن: 01925443322

**وێست لانکاشایر West Lancashire**
مالّپەر: www.lancashire.gov.uk/health-//:https
-and-social-care/adult-social-care/getting
/our-support/assessing-your-needs

**ویرال Wirral**
مالّپەر/ www.wirral.gov.uk/health-and-//:https
-social-care/adult-social-care/support
carers/support-available-carers

**کۆمەڵەی برینەکانی بڕبڕەی پشت SpinalInjuriesAssociation**
مالّپەر: www.spinal.co.uk
تەلەفۆن: 08009800501

**ڕێکخراوی خێرخوازی TheBrainCharity**
مالّپەر: www.thebraincharity.org.uk
تەلەفۆن: 01512892999
تەلەفۆن: 08000086417

**TIDE (بەیەکەوە لە نەخۆشی بیرچوونەوە ڕۆژانە)**
مالّپەر: www.tide.uk.net
تەلەفۆن: 01512372669

## خزمەتگوزاریەکانی سۆشیالّی ناوخۆیی LocalSocial Services

**چێشێر ئیست Cheshire East**
مالّپەر:
livewell/lowww.cheshireeast.gov.uk///:https
-oking-after-someone/carers-of
adults/support-for-carers-of-adults.aspx
تەلەفۆن: 03001235500

**چێشێر وێست و چێستەر Cheshire West and Chester**
مالّپەر: .https://www.cheshirewestandcheshire
/gov.uk/residents/health-and-social-care
carers/carers.aspx

**خزمەتگوزارییەکانی سۆشیالّی کەسانی گەورەی هالّتۆن HaltonAdultSocial Services**
تەلەفۆن: 01519078306

**خزمەتگوزاری کۆمەلّایەتی منداڵانی هالّتۆن HaltonChildren'sSocial Services**
تەلەفۆن: 01519078306

## سەنتەرەکانی ئامۆژگاریی هاوڵاتیان CitizensAdviceCentres

هێڵی یارمەتی نیشتمانی بۆ دۆزینەوەی لقی ناوچەکەی خۆت
تەلەفۆن: 03444111444

**Cheshire East چێشێر ئیست**
تەلەفۆن: 08001448848

**Knowsley نۆسلی**
تەلەفۆن: 03003309008

**لیڤەرپوول**
تەلەفۆن: 03448487700

**Macclesfield ماکلسفیلْد**
تەلەفۆن: 01625432847

**Sefton سێفتۆن**
تەلەفۆن: 03444930012

## Healthwatch چاودێری تەندروستی

**Cheshire East چێشێر ئیست**
تەلەفۆن: 03003230006

**Halton هاڵتۆن**
تەلەفۆن: 03007776543

**Knowsley نۆسلی**
تەلەفۆن: 01514493954

**لیڤەرپوول**
تەلەفۆن: 03007777007

**Sefton سێفتۆن**
تەلەفۆن: 08002061304

**St Helens سانت هێلێنس**
تەلەفۆن: 03001110007

**Warrington وارینگتۆن**
تەلەفۆن: 01925644202

**Wirral ویرال**
ماڵپەر: www.healthwatchwiral.co.uk
تەلەفۆن: 01512308957


Doreen دۆرین
Ken و کێن

**ئێمە دەمانەوێت سوپاسی بەشداری سەنتەری چاودێرانی نۆسلی KnowsleyCarersCentre، چاودێرانی ڤیژن CarersVision، سانت هێلێنس St Helens، هاڵتۆن Halton، سێفتۆنSefton و سەنتەری چاودێرانی لیڤەرپوول LiverpoolCarersCentres بکەین لەگەڵ چاودێرانی تاکە کەسی کە هاوکاریان کردووە لە پەرەپێدانی ئەم پاسپۆرتەی چاودێر.**

بەڵگەنامەکە لەکارەکانی پێشووی تیمەکانی ئەزموونی نەخۆش لە دەستەی دامەزراوەی NHS ی نەخۆشخانەکانی زانکۆی لیڤەرپوول و سانت هێلێنس St Helens و دەستەی دامەزراوەی NHS ی نۆسلی پەرەی پێدراوە.

ئەم پاسپۆرتەی چاودێر لەلایەن دەزگاکانەوە لە سەرانسەری تۆڕی مێرسیساید Merseyside و چێشێر Cheshire بە هاوبەشی دیزاین کراوە و بەرهەم هێنراوە و هەربۆیە دانپێدانراوە و ڕەزامەندی لەسەر دراوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە:

- دەستەی دامەزراوەی NHS ی چێشێر و هاوبەشی ویرال Cheshire and Wirral Partnership NHS Foundation Trust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی کوانتیسی نەخۆشخانەی چێستەر Countess of Chester Hospital NHS Foundation Trust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی ئیست چێشایر East Cheshire NHS Trust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی نەخۆشخانەی دڵ و سنگی لیڤەرپوول Liverpool Heart and Chest Hospital NHS Foundation Trust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی نەخۆشخانەکانی زانکۆی لیڤەرپوول Liverpool University Hospitals NHS Foundation Trust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی نەخۆشخانەی ئافرەتانی لیڤەرپوول LiverpoolWomen’s Hospital NHS FoundationTrust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی چاودێری مێرسی MerseyCare NHS FoundationTrust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی نەخۆشخانەی مید چێشایر MidCheshire Hospital NHS FoundationTrust
- نەخۆشخانەکانی فێرکاری سانت هێلێنس و دەزگای NHS ی نۆسلی St Helens and KnowsleyTeachingHospitals NHS Trust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی سەنتەری شێرپەنجەی کلاتەربریج Clatterbridge
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی سەنتەری واڵتۆن TheWaltonCentre NHS FoundationTrust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی نەخۆشخانەکانی فێرکاری وارینگتۆن و هاڵتۆن Warrington and HaltonTeachingHospitals NHS FoundationTrust
- دەستەی دامەزراوەی NHS ی نەخۆشخانەی فێرکاری زانکۆی ویرال Wirral University Teaching Hospital NHS Foundation Trust

هەموو زانیارییە پەسەندکراوەکانی دەزگاکە لەسەر داواکاری بەشێوەی بەدیل بەردەستە، لەوانەش زمانەکانی تر، خوێندنەوەی ئاسان، چاپی گەورە، فایلی دەنگی، نابینایان، moon و ئەلیکترۆنی

يمكن توفير جميع المعلومات المتعلقة بالمرضى الموافق عليهم من قبل ائتمان المستشفى عند الطلب بصيغ أخرى، بما في ذلك لغات أخرى وبطرق تسهل قراءتها وبالحروف الطباعية الكبيرة وبالصوت وبطريقة برايل للمكفوفين وبطريقة مون والكترونياً.

所有經信托基金批准的患者資訊均可以其它格式提供，包括其它語言、 易讀閱讀軟件、大字

體、音頻、盲文、穆恩體（Moon）盲文和電子格式，敬請索取。

در صورت تمایل میتوانید کلیه اطلاعات تصویب شده توسط اتحادیّه در رابطه با بیماران را به اشکال مختلف در دسترس داشته باشید، از جمله به زبانهای دیگر، به زبان ساده، چاپ درشت، صوت، خط مخصوص کوران، مون و بصورت روی خطی موجود است.

زانیاریی پێوەندیدار بەو نەخۆشانەی لەلایەن **تراستەوە** پەسەند کراون، ئەگەر داوا بکرێت لە فۆرماتەکانی تردا بریتی لە زمانەکانی تر، ئیزی رید (هاسان خوێندنەوە)، چاپی گەورە، شریتی دەنگ، هێڵی موون و ئەلێکترۆنیکی هەیە.

所有经信托基金批准的患者信息均可以其它格式提供，包括其它语言、 易读阅读软件、大字体、音频、盲文、穆恩体（Moon）盲文和电子格式，敬请索取。

Dhammaan warbixinta bukaanleyda ee Ururka ee la oggol yahay waxaa marka la codsado lagu heli karaa nuskhado kale, sida luqado kale, akhris fudud, far waaweyn, dhegeysi, farta braille ee dadka indhaha la', Moon iyo nidaam eletaroonig ah.

ئەمپاسپۆرتەیچاودێرپشتگیریکراوەلەلا
یەن